**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی كوردستان - عێراق**
**سەرۆكایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ٢٣ ) ساڵی٢٠١٢**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق ی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەمواركراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساكارییەی پەرلەمانی كوردستان – عێراق كردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٢) لە ١٥/ ٢٠١٢/١٠ بریارماندا بە دەركردنی:

**یاسای ژمارە ( ١١ )ی ساڵی٢٠١٢**
**یاسای سندوقی كۆمەك بۆ تووشبوانی شێرپەنجە**
**لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق**

**ماددەی یەكەم:**

سندوقێك پێك دێت بەناوی (سندوقی كۆمەك بۆ تووشبوانی شێرپەنجە)، خاوەنی كەسایەتی مەعنەوییەو لە ڕووی دارایی وكارگێرییەوە سەربەخۆ دەبێت و بە وەزارەتی تەندروستیەوە دەبەسترێتەوە.

**ماددەی دووەم:**

ئامانجی سندوق بەدیهێنانی ئەمانەی خوارەوەیە:

سندوق بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان كار دەكات بۆ دابینكردنی باشترین ڕێگەی چارەسەری و ڕێكارەكانی خۆپاراستنی هاووڵاتیانی كوردستان ئەوانەی تووشی نەخۆشیەكانی شێرپەنجە هاتوون، كە پێویستیان بە پشتگیریەكی چڕ هەیە بۆ دابینكردنی پێداویستی چارەسەری و داودەرمان و ئامێری پزیشكی لە بنكەی پسپۆڕ بۆ چارەسەركردن لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا.

**ماددەی سێیەم:**

سندوق ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

**یەکەم:** دیاری کردنی نەخشە رێگەی سیاسەتی گشتی کەوا سندوق لـە سـەری دەڕوات و بڕیاردانی ئەو پلانانەی کە بەڕێوەچوونی کاری تێدا کۆنترۆڵ دەکات.

**دووەم:** هاوکاری کردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە دامەزراندن و پەرەپێدانی بنکەکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی تووشبوانی شێرپەنجە.

**سێیەم:** خاوەندارێتی کردن و پاراستنی سامانی گواستراوە و نەگواستراوە و بەکارهێنانیان بەگوێرەی یاسا کار پێکراوەکان.

**چوارەم:** پاڵپشتی کردنی توێژینەوەو بەدەستهێنانی داتاو ئامـاری پێویـست لـە لایەنـە پەیوەندیدارەکان بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی سندوق.

**پێنجەم:** سندوق مافی پەنا بردنە بەر دادگای هەیە لەو مافانەی کە هی خۆیەتی و لـەو ئەرکانەی کە لە سەرێتی.

**شەشەم:** دانانی پێڕەوێکی ناوەخۆ بۆ بەرێوەبردنی کاروباری سندوق.

**حەوتەم:** دانانی پلانی بەردەوام بوون و گەشەپێدانی وەبەرهێنان و سەرچاوەکانی داهاتی سندوق.

**ماددەی چوارەم:**

سەرچاوەکانی داهاتی سندوق لەمانەی خوارەوە پێکدێت:

**یەکەم:** ئەو پارەیەی کە حکومەتی هەرێم ساڵانە لـە بودجـەی گـشتی هـەرێم تـەرخانی دەکات.

**دووەم:** بەشی سندوق لە تەرخانکراوەکانی وەزارەتی تەندروستی.

**سێیەم:** زێدەکردنی رێژەی (٥٪) لەو باج و ڕسوماتانەی کـە دەخرێنـە سـەر شـتومەك و بەرهەمی زیان بەخش بە تەندروستی، چ هاوردە بن یان دروستکراوی خۆماڵی و، بۆ بەرژەوەندی سندوق وەردەگیرێت.

**چوارەم:** بژاردەی (غرامە) وەرگیراو بەپێی یاسای قەدەغەکردنی جگەرە کێشان.

**پێنجەم:** ڕێژەی (٥٠٪) لەو بژاردانەی کە لە شتومەك و خۆراکی سەرپێچیکار بۆ مەرجە تەندروستیەکان وەردەگیرێن.

**شەشەم:** ڕێژەی (٢٥٪) لەو بژاردانەی کە بەپێی یاسای چاودێری تەندروستی وەردەگیرێن.

**حەوتەم:** پیتاك و کۆمەك و بەخشین لە دوای ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران، گەر لە دەرەوەی هەرێم بێت.

**هەشتەم:** داهاتی چالاکیەکانی سندوق.

**نۆیەم:**

أ- زێدەکردنی ڕێژەی (٥٪) بۆ ڕەسمی تۆمارکردنی هەموو جۆرە ئۆتومبیلێك و گواستنەوەی خاوەندارێتی و نویێ کردنەوەی ساڵانەیی (سنویە) و، بۆ مەبەستی سندوق وەردەگیرێت.

ب- ڕێژەی (٥٪) لەو بژاردانەی لە سەرپێچییەکانی هاتووچۆ وەردەگیرێن.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم:** ئەنجومەنێکی بەڕێوەبردن بەناوی ( ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی سندوق) لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

١ـ بەڕێوەبەری هەر یەك لە سەنتەرەکانی چارەسەری شێرپەنجە لە پارێزگاکانی هەرێمدا.
٢ـ نوێنەری وەزارەتی تەندروستی.
٣ـ نوێنەری وەزارەتی دارایی.
٤ـ شارەزایەك و ڕاوێژکارێك لەوانەی پسپۆڕن لەناوەوەو دەرەوەی وەزارەتی تەندروستی.

**دووەم:** سەرۆك لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەن بە هەڵبژاردن دادەنرێت، ماوەکەی چوار ساڵ دەبێت و دەکرێت بۆ یەك جار نوێ بکرێتەوە.

**ماددەی شەشەم:**

**یەکەم:** ئەنجومەن لانی کەم مانگی یەك جار کۆدەبێتەوە و لەکاتی پێویست بە بانگهێشتی سەرۆکی ئەنجومەن کۆبوونەوە ئەنجام دەدات.

**دووەم:** کۆبونەوەی ئەنجوومەن بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان ئەنجام دەدرێت، بڕیاریش بەدەنگی زۆرینــەی ئامــادەبووان دەبێــت و گفتوگــۆو بڕیارەکــانی ئەنجومــەن لــە تۆمارێکی تایبەت دەنووسرێتەوە.

**سێیەم:** پێویــستە ئەنجوومــەنی بــەڕێوەبردن راپۆرتــە خوولییــەکانی خــۆی دەربــارەی چالاکییەکانی سندوق بخاتە بەردەم وەزیری تەندروستی.

**چوارەم:** ئەنجومەن بۆی هەیە پشت ببەستێت بەوەی بە گونجاوی دەزانێت بۆ وەرگرتنی ڕای و مافی ئامادەبوونی هەبێت لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومــەن بــەبێ ئــەوەی مــافی دەنگدانی هەبێت.

**پێنجەم:** وەزیر بەدواداچوونی ئاستی پابەندبوونی سندوق بە حوکمەکانی ئــەم یاســایە، لــە ئەستۆ دەگرێت، گەر بۆی دەرکەوت هاودژیەك لەکارو بڕیارەکانی سندوق لەگــەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هەیە، یان سندوق ئامانجەکانی بەشــێوەیەکی کارامــەو کاریگەر جێبەجێ نەکردووە، ئەوا بۆی هەیە لەسەر ئەوە تانە بگرێت، وە لە حاڵەتی سووربوونی ئەنجوومەن لە سەر ڕای خۆی، ئەوا وەزیر بابەتەکە، لە ماوەی (٧) ڕۆژ لە رێکەوتی تانەکەدا، بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرز دەکاتەوە، و پێویستە ئەنجومەنی وەزیرانیش، لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا، بڕیاری پێویست لەم بارەیەوە وەربگرێت.

**ماددەی حەوتەم:**

**یەکەم:** سندوق بەڕێوەبەرێکی جێبەجێکاری دەبێت کە لە لایەن ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنەوە دادەمەزرێت، و لە لایەن ژمارەیەك فەرمانبەر، کە وەزارەتی تەندروستی تەنسیبیان دەکات، یاریدەدەری دەکرێت وبارەگاکەشی لە هەولێر پایتەختی هەرێم دەبێت.

**دووەم:** لادان یان دەرکردنی بەڕێوەبــەری جێبــەجێکار بــە بڕیــاری زۆرینــەی ئەنــدامانی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی سندوقەوە دەبێت.

**ماددەی هەشتەم:**

لە سەر وەزیری تەندروستیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی نۆیەم:**

لە سەر ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی دەیەم:**

ئەم یاسایە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)ەوە، جێبەجێ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**

١١/ تشرینی دووەم /٢٠١٢ ی میلادی

٢٠/ گەلاڕێزان/ ٢٧١٢ ی کوردی

٢٦/ ذو الحجە /١٤٣٣ ی هجری

## هۆیە پێویستکارەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

لەبەر زۆربوونی ژمارەی تووشبووان بە نەخۆشی شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستاندا، و بە لەبەر چاوگرتنی تێچوونە زۆرەکانی چارەسەری ئەم نەخۆشییە، و بێ توانایی لە ئەستۆگرتنی ئەم تێچوونانە لە لایەن تووشبوانەوە، بۆیە ئەم یاسایە دەرچووێندرا.